# ریفراندۆمی هەفتانە

ژمارە 1

سەرنوسەر: محسن كريم    سايتی ريفراندۆم: www.kurdistanreferendum.net    23ئۆكتۆبەری 2004


## ( ريفراندۆم )ی هەفتانە

كەمپينی ريفراندۆم بۆ سەربەخۆيی كوردستان، پاش راگەياندنەكانی سەرۆكی كاتی عێراق دژی خۆپيشاندانەكانی رۆژی 2ی ئۆكتۆبەردا خەڵكی شارەكانی كوردستانی عێراق، تەئكيدی لەسەر پێداويستی توندكردنەوەو بەرينكردنەوەی هەڵسورانی خۆی بەپێی ئەو بارودۆخە سياسيە تازەيە كرد.كاركردن بۆ هێنانە مەيدانی هێزی بەرينی جەماوەری كوردستان‌و راكێشانی پشتيوانی ئازاديخوازانی عێراق بۆ چارەسەری عاديلانەو ئينسانی كێشەی كورد لە عێراقدا، دابينكردنی پشتيوانی خەڵكی ئازاديخوازی جيهان لە خواستی خەڵكی كوردستان بۆ بەرپاكردنی ريفراندۆم، لەم هەلومەرجەی ئێستاداو بە دوای ئەو لێدوانە شۆڤينيستيانەی غازی عەجيل ياوەر، ئەركێكی جدی‌و حەساسی هەموو ئەو هێزانەيە كە خۆيان بە خاوەن‌و بە لايەنگری ماف‌و ئازادی خەڵكی كوردستان دەزانن. لەسەر ئەم لێكدانەوەيە كەمپينی ريفراندۆم بۆ سەربەخۆيی كوردستان سەرباری كارو چالاكيەكانی تا ئێستای، لەماوەی داهاتوو چالاكيەكانی بەرينترو فراوانتر دەكاتەوە بە جۆرێك كە بتوانێت لەگەڵ رەوتی رووداوە تازەكانی كێشەی كوردو ئايندەی خەڵكی كوردستاندا،وەلامدەرەوە بێت.

ريفراندۆمی هەفتانە گۆشەيەكی جێبەجێكردنی ئەم ئەركەيە. ريفراندۆمی هەفتانە سەرلەبەيانی هەموو رۆژانێكی شەممە بە سەرنوسەری محسن كەريم لەسەر سايتی ريفراندۆم بلاو دەبێتەوە. ريفراندۆمی هەفتانە هەوڵ دەدات كە هەواڵ‌و چالاكيەكانی تايبەت بە كەمپينی ريفراندۆم بۆ سەربەخۆيی كوردستان، هەموو ئەو چالاكی‌يە جەماوەريانەی لە ناوخۆو دەرەوەی كوردستان لە پێناو يان بۆ پشتيگيری لە خواستی ريفراندۆم بەرێدەخرێن، وتارو راگەياندنە جۆراوجۆرەكانی پەيوەند بە مەسەلەی ريفراندۆم‌و پشتيگری لە خواستی سەربەخۆيی كوردستان بلاوبكاتەوە.

دەرچوونی ريفراندۆمی هەفتانە لە بەرواری 23ئۆكتۆبەری 2004وە دەست پێدەكات. پێشوازی لە هەموو هاوكاری‌يەك دەكەين كە لەلايەن هەر كەس و لايەنێكەوە پێشكەشمان دەكرێت، لەچوارچێوەی ئەو ئامانجانەی سەرەوەدا كە بۆخۆمان داناوە. ريفراندۆمی هەفتانە هەوڵ دەدات گۆشەيەكی دەنگی خەڵكی كوردستان بێت بۆ سەربەخۆيی‌و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی سيكولارو غەيرەقەومی.

## دەبێ سەرجەم خەلكی ئازاديخوازی عيراق دژی هەرەشەكانی غازی ياوەرو لە پشتی خواستی ريفراندۆم بۆ سەربەخۆيی كوردستان راوەستن!



غازی ياوەر دانراو ودەستياری دەستەی فەرمانرەوای ئەمريكا لە عيراق، لەوەلام بە خواستی جەماوەری خەلكی كوردستان بۆ بەرپاكردنی ريفراندۆم بە مەبەستی برياردان لەسەر ئايندەی كوردستان، هەمان هەرەشەی رژيمە شۆفينيستيە عەرەبيە يەك لە دوای يەكەكانی پيشوی عيراقی بەرامبەر خەلكی كوردستان دووپات كردەوە. خواستی ريفراندۆمی بە خيانەت وخواستی جيابونەوەی بە كفريك لە قەلەمدا كە بە توندی سەركوتی دەكەن. بەم جۆرە راشكاوانە پەيامی شۆفينيزمی عەرەبی بە خەلكی كوردستان راگەياند وئەو راستی‌يەی خستەروو كە خەلكی كوردستان دەبێ هەرچی زووترە وپيش ئەوەی ئەم شۆفينيزمە لە عيراقدا دەولەت ودەسەلاتی خۆی دامەزرينی وسەقامگير بيت، چارەنوسی خۆيان يەكلابكەنەوە.

هەلبەت هەرەشەكانی غازی ياوەری دۆست وكانديدی ئەحزابی ناسيوناليستی كورد وخودی بارزانی وتالەبانی بۆ گەمەی سەرۆكايەتی عيراق، پوچترە لەوەی كە بتوانێ ئەم شۆفينيزمە بە خەلكی كوردستان بقەبلينێ، رژيمەكانی پيشوو بە تايبەتی رژيمی بەعس، هەرەشەكانی ياوەريان بە كردەوە پيادە كردووە، ئەنفال وكيمياباران وكوشتاری بە كۆمەليان بۆی بەريخست، بەلاّم نەك نەيانتوانی خەلكی كوردستان ملكەچ بكەن، بەڵكو بە عەمەلی خەڵكی كوردستانيان بەرەو هەڵبژاردنی جيابوونەوە ودابڕان لە عيراق پالپێوەنا. غازی ياوەر هەرچەندە هەمان نيەتی ئەو رژيمە سەركوتگەرانەی هەبيت، بەلام نە دەولەتيكی واقعی ونە دەسەلاتی هەيە ونە هيچی پێ دەكريت. ئەم پەيامە هەرەشە ئاميزەی ياوەر پيش هەموو شتيك دەبێ هەر جۆرە خۆشباوەری‌يەكی

بۆلاپەرە 2

### ئاسۆ كمال بەرپرسی كەمپينی ريفراندۆم بۆ سەربەخۆيی كوردستان لە نامەيەكدا كە رۆژی 16ی ئەم مانگە ئاراستەی كۆفی ئەنان، سكرتيری نەتەوە يەكگرتووەكانی كردووە، سەبارەت بە هەرەشەكانی غازی ياوەر لە خەڵكی كوردستان، داوا دەكات كە نەتەوەيەكگرتووەكان بەرامبەر بە هەڕەشەكانی ياوەر هەڵوێست وەربگرێت. لەم نامەيەدا كە بەزمانی ئينگليزی ئاراستەی سكرتيری نەتەوە يەكگرتووەكان كراوە هاتووە:

(وەك ئاگادارن "غازی عجيل ياوەر" ی سەرۆكی دانراوی عێراق ڕۆژی 5 ئۆكتۆبەر بەرامبەر بە خواستی رفراندۆم و مافی چارەنوسی خەڵكی كوردستان، كە لە خۆپيشاندانەكانی ئەم دووايی‌يانەی كوردستاندا بەرزكرابۆوە ، ڕايگەياند" ئەوەی قبوڵی ناكەين باس بكرێت جيابونەوەيە لەبەرئەوەی ئەمە خيانەتە بەهەموو هێزمانەوە شەڕ دەكەين لەدژی" وە تەئكيدی لەسەر ئەم قسەيەی كردەوە كە " ئێمە كوشتاری ئەوانە دەكەين كە جيابونەوەيان دەوێت ".

ئەم بانگەوازە هەڕەشەيەكی ئاشكرا لە ماف و گيانی مليۆنەها هاووڵاتی كوردی لە كوردستانی عێراقە لەلايەن كەسێكەوە كە پۆستی سەرۆكايەتی دەوڵەتی عێراقی پێدراوە وە پێشيلكاريەكی ئاشكرايە بەپێی مافەكانی مرۆڤی نەتەوەيەكگرتووەكان و بڕيارە نێودەولەتيەكان). هەروەها لە نامەكەدا ئەوە هاتووە گە:

(ئێمە بەپێی ئەو ڕێكەوتنامە و بڕيارە نێو دەوڵەتيانە ئەم پێشێلكاريەی "ياوەر" دەخەينە ڕوو و ئەم نامەيەمان وەك داوايەكی ياسايی بەرامبەر بە "ياوەر" دەدەينە نەتەوەيەكگرتووەكان تاكو بڕياری لەسەر بدرێت:

يەكەم- مافی بڕياردانی گەلان لە دياريكردنی چارەنوسياندا يەكێك لەو بەندانەی كۆنگرەی نەتەوەيەكگرتووەكانە و خەڵكی كورد بە هۆی ستەم و چەوسانەوەيەك كە هەميشە لەسەری بوە زۆر ڕۆشنە ئەم مافە و ئەم بڕيارە دەيگرێتەوە. ياوەر" ئەم مافە بۆ خەڵكی كوردستان ناسەلمێنێت بەخيانەت ناوی دەبا و

بۆلايەرە 3

### پاشماوەی لاپەڕەی یەکەم

خەلکی کوردستان بەم جۆرە دۆستانەی ناسیونالیزم ودەستیارانی ئەمریکا، هەروەها بە خودی ناسیونالیزمی کورد وبەدیل وریگاچارەکانی ریشەکیش بکات.

دەسەلاتیك کە هیشتا لەسەر کورسیەکی یەك قاچی لەق‌و لۆق دانیشتوە، راشکاوانە راپرسی بە خەلك بۆ بریاردان لەسەر چارەنوسی خۆیان بە خیانەت ناوبەریت، مانای وایە نیازی وایە لە یەکەمین رۆژی سەقامگیرکردنی دەسەلاتەکەیدا دەریای خوین بەریبخات بۆ تیکشکاندنی ئیرادەو مەیلی خەلك بۆ دەخالەت لە هەر مەسەلەیەك کە بە دەولەت وئیدارەی کۆمەلگا وژیان وچارەنوسی خۆیانەوە بەندبیت. گەر لە عیراق دەسەلاتیك حاکم بێت کە بیەوێ کوردستان بە زەبری هەرەشە وسەرکوت بە لکاوی لەگەل عیراق بهیلیتەوە، لە سایەی دەسەڵاتێکی وادا خەلکی کوردستان دەبێ زۆرتر لەسەر سەربەخۆیی سوربن وبە هیچ جۆریك نابێ ئەم پیکەوەلکانە قبول بکەن. دەسەلاتیك کە بیەوێ بە شەری سەرومال یەکپارچەیی خاکی عیراق رابگریت، ئەو خاکە یەکپارچەیە دەکاتە ئەسارەتگا وجەهەنم بۆ هەموو دانیشتوانەکەی.

هەلبەت ئەم مەسەلەیە بە هەموو خەلکی عیراق پەیوەست دەبیتەوە، نەك تەنها بە خەلکی کوردستان. لە دەیان سالی رابردوودا خەلکی عەرەب زمانی عیراقیش بەشیك بوون لە قوربانیانی ئەو سیاسەتە شۆفینیستیەی کە رژیمە ناسیونالیستیە عەرەبیەکانی عیراق دژی خەلکی کوردستان پیادەیان کردوە. بەشیك بوون لە قوربانی ئەو شەرو کوشتارەی کە ئەم رژیمانە بۆ سەرکوت کردنی خەلکی کوردستان بەرییانخست. هیچ گومانیك لەوەدا نیە کە ئیلحاقی زۆرە ملی‌ی کوردستان بە عیراقەوە بە زەبری ئەم هەرەشە وگورەشانە، ئاکامیکی تال وخویناوی دەبیت بۆ هەموو خەلکی عیراق.

خەلکی عەرەبزمانی عیراق نەك هەر هیچ بەرژەوەندیەکیان لە سەرکوتکردنی خەلکی کوردستان وپیشیلکردنی ماف وئیرادەی ئازادانەیان نی‌یە، بەلکو سیاسەتێکی لەم چەشنە راستەوخۆ دەکەویتە بەرامبەر بەرژەوەندیەکانی ئەوانیشەوە ودەبیتە بنەمای شەروکیشە وئالۆزیەك کە گشت کۆمەلگا بە کیش دەبیت بۆ ناو زەلکاوەکەی.

هەلبەت لە ئیستادا ئەم پەیام ووتانەی یاوەر بە راستی نەستەق وبەنرخن بۆ خەلکی عیراق بە گشتی وخەلکی کوردستان بە تایبەتی، بە نرخن چونکە لە هەموو هۆشدار وڕوونکردنەوەیەك زیاتر پەردە لەسەر ناوەرۆك وماهیەت ونیازی ئەم جەنابانە وریگاچارەی ناسیونالیزمی کورد هەلدەمالی. بەنرخن چونکە لە هەموو بەلگەیەك زیاتر روونیکردوەتەوە ئەو فیدرالیزمە قەومیەی دەیەوێ لەسەر بناغەی ئەم ئیلحاقە زۆرە ملی‌یە لەگەل دەسەلاتی مەرکەزی ئەم جۆرە شۆفینیستانەدا بەدیبهیریت، پوچ وکۆنەپەرستانە وکارەستبارە. نەك هەر بۆ خەلکی کوردستان بەلکو بۆ هەموو خەلکی عیراق.

بۆیە ئەنجامگیری ئەم پەیام وهەرەشانە بۆ خەلکی کوردستان، تەنها دەبێ سوربونی زیاتر وهەولی زیاتر ودەست وبردی زیاتر بیت بۆ خەبات لە پیناوی بەرپاکردنی فەوری ریفراندۆم بە مەبەستی بریاردان لەسەر جیابونەوە وپیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی پیشکەوتوانە وغەیرە قەومی وسکولار لە کوردستاندا. هاوکاتیش بۆ خەلکی عیراق دەبێ مایەی هاتنە مەیدان بیت: بۆ بەرگری وپشتیوانی لە مافی خەلکی کوردستان بۆ بریاردانی ئازادانە لەسەر ئایندەی خۆیان، بۆ لەکارخستنی دەوری ناسیونال-شۆفینیزمی عەرەب کە دەیەوێ پەلکیشیان کات بۆ ناو سیناریۆی شەری قەومی، بۆ دەرکیشانی خۆیان وکۆمەلگا لە کیشەو گرفتیکی سیاسی گەورە وکارەساتبار کە دەیان سالە بە هۆی سەرکوتی خەلکی کوردستان وپیشیلکردنی مافەکانیانەوە ئەم کۆمەلگایەی گرفتار کردوە.

ئەمرۆ دەرفەت وزەمینەیەکی لەبار بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کیشەیە پیکهاتووە، ریگای گونجاو ئەوەبوو کە بکرایە خەلکی کوردستان لە چوارچیوەی عیراقدا وبە پیکەوە ژیان لەگەل هەموو خەلکی عیراقدا، لە سایەی دەوڵەتێکی مەدەنی وغەیرە قەومی و سکولار بە ماف وئازادیەکانی خۆیان بگەیشتناییە، بەلام بەداخەوە سیاسەت ونەخشەی کۆنەپەرستانەی ئەمریکا ودەست وپیوەندەکانی بوار لە بەردەم ئەم ریگاچارەیە دەبەستن، بەدیل ودەسەلات ودەستور وبنەمایەك کە لەسەر بناغەی ئەم پەیامە شۆفینیستیەی غازی یاوەر وپلاتفۆرمی کۆنەپەرستانەی هیزە قەومی وئیسلامیەکان خەریکە لە عیراقدا فەرز دەکریت، جگە لە جیابونەوە ریگاچارەیەکی دیکەی لەبەردەم خەلکی کوردستاندا نەهیشتوەتەوە. لەم هەل‌ومەرجەدا تەنها جیابونەوە دەتوانێ تەواوی خەلکی عیراق لە داوی نەخشەکانی ئایندەی شۆفینیزمی عەرەب وشەری قەومی ودووپات بوونەوەی کارەساتەکانی رابردوو دووربخاتەوە. یاوەر وداورودەستەکەی کە بەشیکیان لە سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتین، هەرچەندە ئەمە نیەت ومەبەستیان بیت، بەلام ئەمرۆ ئەوان لەوە لەرزۆکترن کە بتوانن بەسەر ئیرادەی یەکگرتوی خەلکدا زالبن. بۆیە ریفراندۆم وبریاردان لەسەر جیابونەوە کاری هەر ئیستا وهەر ئەمرۆیە، نابێ بخریتە سبەینێ، کۆمەلگای کوردستان دەبێ لەم پیناوەدا بیتە جۆش وخرۆش، خەلکی ئازادیخوازی سەراسەری عیراق دەبێ بۆ پشتیوانی لە ماف‌و داخوازیەکانی خەلکی کوردستان دەنگی هاوپشتیان بەرز بکەنەوە، خەلکی متمدنی دنیا بۆ پشتیوانی لەم خواست وخەباتە بانگەواز بکرین وپیلان ونیەتی کۆنەپەرستانی شۆفینیست دەبێ هەر لەم سەرتایەوە دوچاری شکست وناکامی بکریت.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بە هەموو توانا لەم پیناوەدا تیدەکۆشیت ورابەری ئەم خەباتە دەکات، غازی یاوەر وناسیونالیستە کوردەکان نە نوینەرایەتی خەلك دەکەن ونە سیاسەت وبەدیلی کۆنەپەرستانەیان دەتوانێ لە ئاست ئیرادە وخواستی رەوای جەماوەری خەلکدا خۆی ڕابگریت. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری کە نوینەرایەتی ئاوات وئارەزوو وخواستی جەماوەری خەلك دەکات، سورە لەسەر ئەم خواستە وبە هەموو توانایەکی بۆی تیدەکۆشیت وبەسەرکەوتنی دەگەیەنێت.

خەلکی عیراق وکوردستان دەبێ ئەم حیزبە بەهیز بکەن ولە پشتی راوەستن، بەم جۆرە زامنی سەرکەوتن وبەسەمەر گەیاندنی ئەم خەباتە بکەن.

**ریبوار ئەحمەد/ سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق ئۆکتۆبەری-**
2004

### پاشماوەی راپۆرتی چالاکیەکانی لاپەرە 4

کە تیایدا بانگەوازی خەڵك دەکات بۆ ئیمزاکردنی ئەو نامەی نارەزایەتیە و هەزاران کەس چوون بە پێشوازی ئەم بانگەوازەوە و ئیمزای ئەو بەیاننامەیەیان کردوە و ڕۆژ بەڕۆژ خەڵکی زیاتر پێوەی پەیوەست دەبن و لەسەر چەند سایت فۆرمی ئیمزاکان دانراوە و لەوانە سایتی کوردستان نێت.

ڕۆژەکانی 12- 13 ئۆکتۆبەر چەند بەیاننامەی تری کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەڕاگەیاندنەکانەوە بڵاوبوەوە کە تیایدا بانگەوازی کۆمیتەو هەلسوراوانی "بزوتنەوەی رفراندۆم" لە کوردستان کرابوو کە لەبەرامبەر بێدەنگی بەرپرسانی ئەم حەرەکەتەدا لە کوردستان و خۆبەستنەوەیان بەو بێدەنگیەی یەکێی و پارتی بەرامبەر بەم هەڕەشانە" سەرۆك"ەکەیان دەنگ هەڵبڕن و ریزی خۆیان سەربەخۆی خۆیان پیك بێنن و پەیوەست بن بە " کەمپینی دژی بانگەوازەکەی یاوەر " .

ڕۆژی 16 ئۆکتۆبەر ڕادیۆی هاوپشتی لە یۆتۆبۆری سوید چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئاسۆ کمال بەرپرسی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کرد کە سەعات و نیویکی خایاند و لە چەند سایت و ڕادیۆی ئەنتەرنێتی‌یەوە زیاتر لە 140 کەس بەشداربوون . لەم چاوپیکەوتنەدا لەسەر سیاسەت و هەنگاوەکانی ئەم کەمپینە قسەوباس کرا و رینوینی چۆنیەتی کارکردن و بەشداریکردنی خەڵك لەم کەمپینەدا ڕۆشن کرایەوە.

شەوی 16 ئۆکتۆبەریش لە ژووری پالتاکی "ئازادی و یەکسانی " سیمیناریك سەبارەت بە بانگەوازەکەی "یاوەر " بۆ ئاسۆ کمال بەرپرسی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان کرد کە سێ سەعات و نیویکی خایاند سازکرا .لەم سیمینارەدا " فاتح شیخ" سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران – حیکمەتیست کە یەکێك لە کەسایەتیەکانی کەمپینی رفراندۆمە بە مداخەلەی گرنگ بە شداری کرد . ئەم سیمینارە لایەنە جۆراوجۆرەکانی وەزعی سیاسی کوردستان و مەسەلەی هەلبژاردنی سەراسەری لە عیراق و رفراندۆم و هیرشی "یاوەر" بۆ سەر خەلکی کوردستان و ئەو کارانەی دژی کراوە لەلایەن کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان باسکرا.

ڕۆژی 18 ئۆکتۆبەر نامەیەك لەلایەن ئاسۆ کمال ەوە بۆ " کوفی ئەنان" سکرتیری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان نێردرا سەبارەت بە داوای هەلویستگرتن و ئیدانەکردنی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ ئەم بانگەوازەی " یاوەر" .

## پاشماوەی نامەی ئاسۆ كمال

ڕادەگەیەنێت كە كوشتاری خەڵكی كوردستان دەكات كەزۆر بەجدی و بە جەماوەری داوای ئەم مافە دەكەن.

دووەم- بڕیاری 688تایبەتی نەتەوەیەكگرتوەكان لە ساڵی 1991باسی لەپاراستنی كوردەكان كردوە لە بەرامبەر هەڕەشەی دەولەتی مەركەزیدا . ئێستا "یاوەر" جێگای "صدام حسین"ی گرتۆتەوە و ئەو هەڕەشە ئاشكرایەی سەرەوەی لە بەشێك لە هاولاتیانی عێراق كردوە كە خەڵكی كوردستانن . بەم پێیە خەڵكی كورد لە ڕووی مەبدەئی‌یەوە هەمان بڕیار و هەڵویستگیری نەتەوەیەكگرتوەكان دەیان گرێتەوە كە پێویستە لەبەرامبەر هەر هەڕەشەیەكی دەوڵەتی مەركەزیدا پاریزراوبن.

سێیەم- نەتەوەیەكگرتوەكان لە پرۆسەی دانانی "یاوەر" بەسەرۆكی عێراق بەشداربوە و بەم پێیەش ئێستا ئەم ئۆرگانە نیودەولەتیە لە كردەوەكانی "یاوەر" بەرپرسەبەرامبەر بە خەڵكی عێراق بەگشتی وخەڵكی كوردستان بەتایبەتی . هەڕەشەی "یاوەر" هەڕەشەیەكە كە لە لایەن كەسێكی دانراوی نەتەوەیەكگرتوەكانەوە لە خەڵكی كوردستان دەكرێت و سكرتیری گشتی و نەتەوەیەكگرتوەكان دەبێت هەڵویستی خۆی لەبەرامبەر ئەم كارانەدا دەرببڕێت).

هاوپێچی نامەكەش لیستی ئیمزای هەزاران كەس كە نارەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەو بانگەوازە شۆڤینیستیەی"یاوەر" دەربڕیوە، بۆ كۆفی ئەنان رەوانە كراوە. هەروەها داوای ئەوە دەكات كە نەتەوەیەكگرتوەكان و سكرتیری گشتی بەپێی ئەو بەند وبڕیارانەی نەتەوە یەكگرتووەكان هەڵویستی خۆی بەرامبەر بە "یاوەر" دەربڕێت و ئیدانەی ئەو بانگەوازو پێشێلكاریانە بكات. هەروەها نەتەوەیەكگرتوەكان لەبەرامبەر مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی قەومی و شۆڤینیستانە بەرامبەر سەرجەم كۆمەڵگای عێراق بەرپرسیار دەكات لە حاڵەتی گوێنەدان بەم هەرەشانەی یاوەرو نەگرتنەبەری هەنگاوی جدیو مەسئولانە لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە.

لە كۆتایی نامەكەدا ئەوە هاتووەكە:( هاوكات داوا دەكەین بۆ پاراستنی خەڵكی كوردستان لەم هەرەشانە مافی چارەنوس وەك مافیك بۆ گەلانی دنیا لەلایەن نەتەوەیەكگرتوەكانە دانی پێدانراوە بۆ خەلكی كوردستان بەڕەسمی بناسرێت و نەتەوەیەكگرتوەكان ئامادەیی خۆی دەربری بۆ سەرپەرشتی رفراندۆمیكی ئازادانە سەبارەت بە پرسی جیابونەوە یان مانەوەی خەلكی كوردستان لە عیراقدا. ئێمە چاوەڕوانی وەڵامی فەوری بەڕێزتان دەكەین بە داواكەمان)

## بانگەوازێك
## بۆ كۆمیتە و هەڵسوراوانی "بزوتنەوەی رفراندۆم"

بەرێزان!

وەك ئاگادارن لەلایەن سەرۆكی هەلنەبژیراوی عیراقەوە ، غازی عجیل یاوەر هێرشیكی شۆڤینیستانە كراوەتە سەر خەڵكی كوردستان و مافی جیابونەوەو سەبەخۆبونی. یاوەر ڕوو بە خۆپیشاندانێكی جەماوەری كە ئێوە ڕێكتان خست و شیعاری رفراندۆم و سەربەخۆیی كوردستانی تێدا بەرزكرایەوە لەلایەن جەماوەرەوە هاتە قسە و بوە نوێنەر و ئاڵاهەڵگری شۆڤینیزمی عەرەبی بەرامبەر خەڵكی كوردستان. بەم كارە یاوەر "حكومەتی كاتی " لەسایەی ئەودا كردە بەرپرسی سازكردنی هەر نەخشە و جەوێكی شۆڤینیستانە كە هەڕەشە لە ئەمڕۆ و سبەینێی خەڵكی كوردستان دەكات.

بەداخەوە بەرپرسانی باڵای "بزوتنەوەی رفراندۆم" لە كوردستان لەبەرامبەر ئەم هێرشەی یاوەر و حكومەتی كاتی عێراقدا هەڵویستی بێدەنگیان هەڵبژارد و لەم كاتە حەساسەدا هیچ مەسئولیەتێكیان لە خۆیان نیشان نەدا بۆ دیفاع لە مافی رفراندۆم وسەربەخۆیی كوردستان و بەرپەرچدانەوەی هەوڵی شۆڤینیستانەی یاوەر و حكومەتە كاتیەكەی ژێرسایەی ئەو.

ئەمە بۆ جاری دووەمە كە ئەم سیاسەتی بێدەنگ بونە لەبەرامبەر مافی جیابونەوە و سەربەخۆیی كوردستاندا لە بەشی سەرەكی و ڕەسمی بەرپرسانی "بزوتنەوەی رفراندۆم" لە كوردستان دەبینرێ و بەعەمەلی ئەم هەڵویستەیان دەكاتە ئەوەی كە ناتوانن سیاسەتی پاریزگاری كردنی جدی لەمافی رفراندۆمیش پەیڕەو بكەن.

هەموو لایەك ئاگاداری هەڵویستی بەشێك لە بەرپرسانی باڵای بزوتنەوەی رفراندۆم هەبوو كە بەناوی نوێنەرایەتی خەڵكی كوردستان لە مانگی شوباتی 2004 چوونە بەغداد و لای مەجلسی حوكم و پول بریمەر رایانگەیاند كە خوازیاری مانەوەن لە عێراقدا و بەم كارەیان شەرعیەتی نوێنەرایەتی كردنی رفراندۆمی خەڵكی كوردستانیان لەخۆیان سەندەوە و بەم كارە ڕوبەڕوی نارەزایەتیەكی فراوانی ئەو دوومليۆن كەسەی ئیمزایان بۆ رفراندۆم كردبو نەك بۆ مانەوە لە عێراقدا بوونەوە.

لەم دوو ڕوداو و دوو بڕگە مێژوویی‌یە حەساسەدا پێویستە سەرچاوەی كەم وكورتی سیاسەتی پیادەكراوی بزوتنەوەی رفراندۆمان لەوەدا بۆ دەركەوێت كە مافی جیابونەوە و خواستی سەربەخۆبونی خەڵكی كوردستان لە بزوتنەوەی رفراندۆم جیاكراوەتەوە و هیچ دیفاعێك لەم خواستی سەربەخۆیی‌یە ناكرێت.

لەكاتیكدا هەدەفی خەڵكی كوردستان لە رفراندۆم بەرپاكردن بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و پیادەكردنی مافی جیابونەوەیانە لە عێراق . ئەمە ئەوەندە ڕاستیەكی حاشا هەڵنەگرە كە تەنانەت پێویست بەوەناكات نمونەی ئەو رفراندۆمە تەجریبیانەی ئێمە وەك كەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی كوردستان لەساڵی 1997وە لە كوردستان ولەدەرەوە بە ئیمزاكۆكردنەوە كردومانە یاخود لە كۆتایی تەموزی ئەمساڵدا خۆپیشاندانی سلێمانی بۆسەربەخۆیی نیشانی‌داوە. هەربۆیە رفراندۆم لە كوردستاندا بۆ پرسی جیابونەوە وسەربەخۆیی‌یە نەك بۆ مانەوە و فیدرالیزم. ئەم سیاسەتەی ئێستا زاڵە بەسەر " بزوتنەوەی رفراندۆم"دا بریتی‌یە لە سڕینەوەی پرسی سەربەخۆیی و دانانی فیدرالی یان بێ دەنگی وبێپرسی. هەربۆیە ناشتوانن دیفاعی جدیش لە خودی رفراندۆم بكەن و كەشتی دەنگەكانیان لەو ئاوە مەنگ و نادیارەی فیدرالیزمدا ڕاگرتوە كە سیاسەتی یەكێتی وپارتی‌یە نەك خواستی خەڵكی كوردستان . ئەم وابەستەیی‌یە سیاسیەی "بزوتنەوەی رفراندۆم" بە ئەحزابی حاكمی كوردستانەوە دەستی ئەم بزوتنەوەیەی لەهەركارێكی سەربەخۆ بەستوە . نمونەی زەقی ئەم ڕاستیە ئەم بێدەنگی و خۆلادان لە دیفاع لە سەربەخۆیی كوردستانە لەبەرامبەر هێرشی شۆڤینیستانەی یاوەردا.

بێ گومان ئێستا بەشێكی زۆر لەو جەماوەر و هەڵسوراوان وبەشێك لەو كۆمیتانەی "بزوتنەوەی رفراندۆم" كە نارازین بەرامبەر هەڵویستە ڕەسمیانەی لیژنەی باڵای رفراندۆم لە كوردستان ، هەڵویستی خۆیان مەسئولانە دەربڕیوە و بەعەمەلی خۆیان لەو سیاسەتی بێدەنگیە لەبەرامبەر دیفاع لەمافی خەڵكی كوردستاندا بۆ سەربەخۆیی دەربڕیوە و دەزانن كە هەر باس و دیفاعێك لە رفراندۆم بەبێ بەرزكردنەوەی خواستی سەربەخۆیی و داناى وەك پرسی رفراندۆم و دیفاعكردنی جدی لێی ئیمكانی نی‌یە. ئەمە یاوەریش دەیزانێ وئێمەش دەیزانین . هەربۆیە كاری جدی ئێمە بۆ سەرخستنی خواستی رفراندۆم و سەربەخۆیی كوردستان ئەمڕۆ لە كەناڵی بەرپەرچدانەوەی "یاوەر" و دیفاع لە مافی سەربەخۆیی كوردستانەوە تێپەڕ دەبێت . خواستی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان دەبێت لە ئاستی عێراق و نەتەوەیەكگرتوەكاندا بسەپێنین و هەموو هێزی ناڕازی خەڵكی كوردستان و پشتیوانی نیونەتەوەیی بۆ كۆبكەینەوە.

ئێمە هاوكاری هەموو ئەم جەماوەر و كۆمیتە و هەڵسوراوانەی رفراندۆم دەكەین و بانگەوازیان دەكەین كە پێكەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی توندی هەڕەشە شۆڤینیستانە بەشداری چالاكانە لە "كەمپینی دژی بانگەوازەكەی یاوەر " بكەن و هەڵویست و ڕیزی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیەنن و بانگەوازی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی كوردستان بكەن.

**كەمپینی رفراندۆم**

**بۆ سەربەخۆیی كوردستان**

## ڕاگەیاندنی کەمپینی ریفراندۆم بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕای گشتی کوردستان دژی بانگەوازی شۆڤینیستانەی غازی عەجیل یاوەر

کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەر بەدوای هەرەشەکەی یاوەری سەرۆکی کاتیی عێراقدا، دژی خەڵکی کوردستان، ڕاگەیاندنێکی ئاراستەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن کردو بانگەوازی خەڵك‌و لایەنە سیاسیەکان‌و ڕای گشتی کوردستان کردو لەپاڵ ئیدانەکردنی ئەم هەرەشانەی یاوەردا، تەئکیدی لەسەر مافی خەڵکی کوردستان بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆم‌و جیابوونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ کردەوە،و هاوکات بانگەوازی خەڵك‌و لایەنەکانی کرد کە دژی ئەم پیلانەی سەرۆکی شۆڤینیستی عێراق ڕابوەستنەوە. ئەم ڕاگەیاندنە لەلایەن سایتی کوردی کوردستان نێتەوە پێشوازی لێکراو کەمپینی هاوبەشی (کەمپینی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان‌و سایتی کوردستان نێت)ی ڕاگەیاند. تا ئێستا ڕۆی هەینی 22-10-2004 نزیکەی 2130 کەس ئیمزای خۆی داوە لەو ڕاگەیاندنە. لەنێو ئەو کەسانەی کە پشتیگرییان لەناوەرۆکی ئەو ڕاگەیاندنە کردووە چەندین کەسایەتی ڕۆشنبیری، نوسەر، سیاسەتمەدارو کەسایەتی ناسراو و خەڵکی ئازادیخواز لە ناوخۆی کوردستان‌و لە دەرەوەی وولاّتدا دەبینیرّن. شایانی ووتنە کە چەند هەڵسوراوی ناسراوی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران_ حیکمەتیست ئیمزای پشتیوانی خۆیان لەو بەیانە داوە. ئێمە لیرەدا ئەو ڕاگەیاندنە بە ئاگاداری ئێوە دەگەیەنین، و هاوکات داواتان لێدەکەین کە ئیمزای پشتیوانی خۆتان لەو ڕاگەیاندنە بدەن چ ناردنی ئیمزاکانتان بۆ ئەدرێسی ئیمێلی ئێمە یان ڕاستەوخۆ لە سەر سایتی کوردستان نێت.

**ئەدرێسی ئیملی کەمپینی ریفراندۆم:**

referendum@kurdistanreferendm.net

**ئەدرێسی سایتی کوردستان نێت:**

www.kurdistannet.org

**ئەمەی خوارەوە ڕاگەیاندنەکەی کەمپینی ریفراندۆمە بۆ سەربەخۆیی کوردستان:**

### بانگەوازی شۆڤینیستانەی یاوەر بۆ شەڕ دژ بە خەڵکی کوردستان

### بەتوندی مەحکوم دەکەین و بەرپەرچی دەدەینەوە

"غازی عجیل یاوەر" بەناوی سەرۆکی کۆماری عێراقەوە ڕۆژی 5 ئۆکتۆبەر2004 بەرامبەر بە خواستی رفراندۆم و مافی چارەنوسی خەڵکی کوردستان، کە لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دوواییانەدا بەرزکرابۆوە ، ڕایگەیاند" ئەوەی قبوڵی ناکەین باس بکرێت جیابونەوەیە لەبەرئەوەی ئەمە خیانەتە بەهەموو هێزمانەوە شەڕ دەکەین لەدژی" وە تەئکیدی لەسەر ئەم قسەیەی کردەوە کە " ئێمە کوشتاری ئەوانە دەکەین کە جیابونەوەیان دەوێت ".

ئەم ڕاگەیاندنەی "غازی عجیل یاوەر" زۆر ئاشکرا نیشانی دەدات کە نوێنەری شۆڤێنیزمی قەومی عەرەبی‌یە کە بانگەوازی شەڕ دژ بە خەڵکی کوردستان دەکات و نەخشەی هێرشێکی بەرفراوان دەخاتە دەستوری"حکومەتی عێراق"ەوە بۆ زەوتکردنی هەموو مافەکانی خەڵکی کوردستان لە سەربەخۆبونیاندا و تێکدانی ئاسایش و گوزەرانیان . ئێمە ئەم ڕاگەیاندنە بە بانگەوازی شەڕێکی شۆڤینیستانە دادەنێین کە خەڵکی کوردستان دەباتەوە هەمان بارودۆخی شەڕو سەرکوتی قەومی کە ڕژێمی بەعسی فاشیست سەپاندبوی و کارەساتی کیمیابارانی هەلەبجە و ئەنفال و جینۆسایدی خەڵکی کوردی خولقاند.

هەربۆیە ئێمە بەتوندی ئەم بانگەوازە شۆڤینیستانەیە مەحکوم دەکەین و ناڕەزایەتی توندی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بە "غازی عجیل یاوەر" و "حکومەتی کاتی" کە بەرپرسن لە ئاکامەکانی ئەم هێرشە بۆ سەر مافەکانی خەڵکی کوردستان.

ئێمە داوادەکەین کە بە فەوری "غازی عجیل یاوەر" و "حکومەتی کاتی" ئەم قسانە وەرگرنەوە و بەڕەسمی داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان بکەن . هەروەها پێویستە ئەحزابی کوردی بەشدار لەو حکومەتە کاتیەدا هەڵویستی ڕەسمی خۆیان بۆ ئیدانەکردنی ئەم بانگەوازەی یاوەر ڕابگەیەنن .

هاوکات ئێمە پشتیوانی لە مافی خەڵکی کوردستان دەکەین بۆ جیابونەوە لەعێراق و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ وە پشتیوانی دەکەین لە خواستی بەرپاکردنی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان .

ئێمە داوا لە هەموو حزبە سیاسیەکان و ڕێکخراوە و جەماوەری کوردستان و عێراق وەهەروەها ڕێکخراوە و شەخسیاتی نێودەوڵەتی وجیهان دەکەین کە پشتیوانی لەم مافەی خەڵکی کوردستان بکەن و ئیمزای خۆیان بدەن لەم بەیاننامەیە.

## لە کۆبونەوەیەکدا لەگەڵ خەڵکی شۆریجەدا، پێکهاتنی کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیەنرا

ڕۆژی 14-10-2004 کۆمیتەی کەرکوکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کۆبوونەوەیەکی لە گەرەکی شۆریجەی کەرکوك سازکرد کە لە بەشێکیدا قسەوباس لەگەڵ دانیشتوانی ئەو گەرەکە دەربارەی کێشەی کوردو ڕێگاچارەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کرا. زمناکۆ عزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئاماژەی بەوە کرد کە چارەسەری کۆتایی‌و یەکجارەکی کێشەی کورد بەندە بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی غەیرە قەومی‌و عیلمانی لە کوردستانی عێراق و لەو نێوەشدا کێشەی کەرکوك ئەتوانێ بە شێوەیەکی ئینسانی وەڵام وەربگرێتەوە. بەپێ‌ی هەواڵی بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر، ژمارەیەك لە خەڵکی ئامادەی کۆبوونەوەکە ئامادەیی هاوکاری‌یان ڕاگەیاندووە لەگەڵ کۆمیتەکانی سەربەخۆیی کوردستان.

## چالاکیەکانی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دژ بە بانگەوازی شۆڤینیستانەی "یاوەر" سەرۆکی دانراوی عێراق

کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لەدرێژەی کارەکانیدا و بەدوای ڕاگەیاندنی سەرۆکی دانراوی عێراق " غازی عجیل یاوەر"، کە لەڕۆژی 5 ئۆکتۆبەری 2004دا دژ بە مافی جیابونەوە و رفراندۆمی خەڵکی کوردستان بوو وە بە خیانەتی ناوبردبوو و هەورەها هەڕەشەی شەڕو کوشتاری خەلکی کوردستانی کردبوو ، کەمپەینێکی فراوانی لە دەرەوەی وولاّت و لە کوردستان بەڕێخست بۆ ئیدانەکردنی ئەو بانگەوازە شۆڤینیستانە و کۆکردنەوەی دەنگی ناڕازی لە کوردستان و لەدەرەوە بەڕویدا.

ڕۆژی 9ئۆکتۆبەر کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەیاننامەی " یاوەر سەرۆکی شۆڤێنیزمی عەرەبی‌یە دژ بە سەربەخۆیی خەڵکی کوردستان" بڵاوکردەوە .شایەنی باسە ئەم ووتارە سەبارەت بە هەوڵی شۆڤینیزمی عەرەبی و حکومەتی کاتی دژ بە خەڵکی کوردستان و مەسەلەی هەلبژاردنی سەراسەری لە عێراق و دەوری حزبە ناسیونالیستە حاکمەکانی کوردستان لە یاریکردن بە چارەنوسی کوردستان و پێویستی سەربەخۆکردنی حەرەکەتی رفراندۆم لەم حزبانە قسەدەکا. پێشوازیەکی بەرفراوان لە ڕۆژنامە و سایتە کوردیەکان و کەسایەتیەکانەوە لەم بەیاننامەیە کرا. ڕۆژنامەی "هاولاّتی "کە پڕتیراژترین ڕۆژنامەی کوردستانە و لەسەراسەری کوردستاندا خوێنەری هەیە ئەم بەیاننامەیەی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بڵاوکردبۆوە و لە سایتی کوردستان نێت و بۆپێشەوە و چەند سایتی تر بڵاوبۆوە.

ڕۆژی 10 ئۆکتۆبەر کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان "بانگەوازی شۆڤینیستانەی یاوەر بۆ شەڕ دژ بە خەڵکی کوردستان بەتوندی مەحکوم دەکەین و بەرپەرچی دەدەینەوە " بڵاوکردەوە **بۆ لاپەرە** 2